# قامت وونادات هتاوو خر ل ئاواو دردوت، ئر هبت خ دبنن هموواں ئمان دهنن

له ئەبی هورەیرەوە-ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «قیامەت ڕوونادات هەتاوەکو خۆر لە ڕۆژئاواوە دەردەکەوێت، ئەگەر هەڵبێت خەڵکی دەیبینن هەموویان ئیمان دەهێنن، ئەوە کاتێک دەبێت کە: {لاَ يَنْفَعُ نَفْسًا إِيمَانُهَا لَمْ تَكُنْ آمَنَتْ مِنْ قَبْلُ، أَوْ كَسَبَتْ فِي إِيمَانِهَا خَيْرًا} [الأنعام: 158] واتە: {باوەڕهێنان سوود ناگەیەنێت بەهیچ کەس کە پێشتر بڕوای نەهێنا بێت یان هیچ خێروچاکەیەکی نەکردبێت لەگەڵ ئیمانەکەیدا}، وقیامەت ڕوودەدات بەشێوەیەک کە دوو پیاو پۆشاکێکیان ڕاخستووە لەنێوانیان ناتوانن مامەڵەکە تەواو بکەن، وناتوانن بیپێچنەوە، وقیامەت ڕوودەدات لە کاتێکدا پیاوێک شیری وشترەکەی هەڵگرتووە، ناتوانێت بیخواتەوە، وقیامەت ڕوودەدات وکەسێک عەماراوەکەی چاکدەکات -ئامادەی دەکات- بەڵام -مەڕوماڵاتەکەی- ناتوانن لێی بخۆنەوە، وقیامەت ڕوودەدات ویەکێکتان پارووەکەی بەرزکردووەتەوە بەرەو دەمی بەڵام ناتوانێت بیخوات».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی ئەوە دەکات لەنیشانە گەورەکانی قیامەت ئەوەیە خۆر لە ڕۆژئاواوە هەڵدێت لەجیاتی ڕۆژهەڵات، کاتێک خەڵکی ئەمە دەبینن هەموویان باوەڕ دەهێنن، بۆیە لەم کاتەدا باوەڕهێنانی کافر سوودی پێناگەیەنێت، وهەروەها کردەوەی چاک وتەوبە کردنیش سوودی نیە. پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە قیامەت لەناکاو دێت؛ تەنانەت کاتێک ڕوودەدات خەڵکی سەرقاڵی حاڵ وکاروبارەکانی ژیانی خۆیانن؛ قیامەت هەڵدەستێت فرۆشیار وکڕیار جلەکەیان ڕاخستووە لەنێوانیان نەدەیفرۆشێت ونە دەیپێچنەوە، وقیامەت هەڵدەستێت وپیاوێک شیری وشترەکەی دۆشیوە بەڵام فریا ناکەوێت بیخواتەوە ، وقیامەت هەڵدەستێت وپیاوێک خەریکی چاککردنی شوێنی ئاوخواردنی ئاژەڵەکانێتی وقوڕی لێدەدات بەڵام هیچ ئاژەڵێک لێی ناخواتەوە، وقیامەت هەڵدەسێت وپیاوێک پارووەکەی بەرزکردوەتەوە بۆ دەمی بۆئەوەی بیخوات بەڵام ناتوانێت بیخوات وقیامەت هەڵدەسێت

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65026